# KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

TARAWGA تاراوگە

تاراوگە TARAWGA


**16 Maart. 2019 No. [36]**

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807


**لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..**


لە یادی 16-03 دا هەموو ساڵێک سەری ڕێز دادەنوێنین بۆ قوربانیانی

کیمیابارانی هەڵەبجە.... هەزاران درووود و سڵاویان لێ بێت... ل 1

ڕۆڵی دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد لە لێکدانەوەی مێژووی کورددا..! نوسینی: دکتۆر جەبار قادر- بەشی سێهەم و کۆتایی .. ل 2، ل 3

لە حەمامەکەی بەرزنجەوە بۆ بورجەکەی پاریس.... خۆشناو مەریوانی – ل 4، ل 5

دەست بە زمانی کوردییەوە بگرن، زمانەکەمان لێ مەشێوێنن...! دانا هەڵەبجەیی- ل 6

دەربارەی کتێبی (پۆرترایت لە مێژوو و سیاسەتی کوردان) و، نمایشی شانۆگەری "گەر بریارە بمرین" بخوێنەرەوە... لە ل 7 دا.

هونەرمەندی شێوەکاری کورد ئومێد محەمەد عەبدوڵڵا – شاکار..ل8





KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەوالیيە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

16 Maart 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
ژمارە 36
16 مارتی 2019

# لە 3/16 ی هەموو ساڵێک سەری ڕێز دادەنوێنین بۆ قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە.... هەزاران درووود و سڵاویان لێ بێت، ڕەوانیان شاد....

## تیرۆر لەژێر هەر دروشمێکدا بێت دونیای مرۆڤایەتی شێواندووە. لەسەر هەمووومان پێویستە دژی هەموو جۆرە تیرۆرێک بین. ڕۆژێکی ڕەشە بۆ نیوزیلەندا و مرۆڤایەتی.

ئەو مانشێتەی سەرەوە، دەستەواژەی مامۆستا ئیبراهیمی مەلازادەیە، کە بەهۆی ڕووداوە تیرۆریستیەکەی نیوزلاندەوە، لە واڵەکەی خۆیدا دەربڕیووە، ئێمەش بەشیاومان زانی لەوی بخوازین و لێرەدا دووبارەی بکەینەوە.

کاتێک هەموو لاپەڕەکانی ئەم ژمارەیەی تاراوگە تەواو بوو بوو، کە ئەو ڕووداوە قێزەونەی بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی 15-3-2019، ناوەندی شاری کریست چەرچ لە نیوزلەندا ڕوویدا، لە ئەنجامی دوو هێرشی چەکداری تیرۆریستی، بۆ سەر دوو مزگەوتی مسوڵمانان و لە کاتی نوێژدا، بەو هۆیەوە زیاتر لە 70 کەس بوونە قوربانی و 49 یان کوژران.

دیاردەی تیرۆر لە دنیادا زۆر کۆنە، ئەمڕۆ زیاتر سنورەکانی بەزاندووە، بنبڕکردنی ئاسان نییە، هەرگیز ناپرسێ تۆ سەربە کام باوەڕ و نەتەوە و ئایدیا و ئاینێکی...؟

دیکتاتۆرەکانی دنیا و خەڵکانی نەخۆشی وەکو ئەدۆڵف هیتلەر و سەدامی خوێنڕێژ، لەناو مرۆڤەکاندا کەمنین و کۆتاییان پێ نەهاتووە، کە ناوبەناو ئەم دنیایە بکەن بە دەریالوشی خوێن و هەرگیز لەبەرژەوەندیان نییە، کەشتی مرۆڤایەتی بە ئارامی گوزەر بکات. گەلی کورد ڕەنگە لە هەموو، گەلانی دیکەی دنیا، مارانگاز تر و هەستیار تر بێت، لەو کاتانەدا تیرۆر و ڕەشەکوژی و پاکتاوی ڕەگەزی خۆی دووبارە دەکاتەوە، ئەم زامەکانی خۆی وەبیردێتەوە. ئەم ڕووداوەی نیوزلەندا، بە باوەڕی من گەلی کورد لە زۆربەی گەلانی دیکەی دنیا کاریگەری لەسەری زۆتربووە و برینە کۆنەکانی ئەنفال و هەڵەبجە و شەنگالی کولاندۆتەوە. 31 ساڵ لەمەوبەر شاری هەڵەبجە لەلایەن ڕژێمی ڕوخاوی بەعسەوە، کیمیاباران کرا و بەهۆیەوە زیاتر لە پێنج هەزار هاوڵاتی شەهید بوون و هەزارانی دیکەش بریندار و دەربەدەربوون.




## لاوکی هەڵەبجە

شیعری: ڕەفیق سابیر

به تەنیا جێی مەهێڵن... ئەمشەو زریان دەیچێنێت
تەموژ دایدەپۆشێت... مانگەشەو دەیرفێنێت
گەرووی بە گزنگ تەرکەن
زامەکانی بە شیلان
بە گۆرانی دایپۆشن
یان بە سەوزیی دارستان
سەری بە شەپۆلان کەن
با ئەمشەوە ڕایژێنێت
باڵای لە هەور بگرن
بروسکە و – با– دەچێنێت
بە تەنیا جێی مەهێڵن
منداڵێکی لاسارە
شار بەردەباران دەکات
مانگ دەکات بە کۆلارە
سوارە، چ شۆڕەسوارێک
ئەسپی هەتاو زین دەکات
بە گۆرانی و تیشک و ماچ
سەرزەمین بەرین دەکات
با کەژاوەی لە گوڵ بێت
یان لە پەلکەزێڕینە
زەماوەندی خوێن دەگرێت
ئەمشەو پاشای ئەڤینە
ئاشقێکی لاسارە
بروسکە و – با– دەچێنێت
بە تەنیا جێی مەهێڵن
مانگەشەو دەیرفێنێت

# بەشی سێهەم و کۆتایی: پاشماوەی ژمارەی پێشوو

# دکتۆر کەمال مەزهەر و مێژووی کورد - دکتۆر جەبار قادر



خوێندنەوەی کتێبەکەی دکتۆر کەمال لە مەڕ شۆڕشی بیست، بۆچوونێکی واپشت ڕاست ناکاتەوە، بەڵام دکتۆر کەمال مەزهەر لە بەرامبەر مێژوونووسانی شۆڤێنی عەرەب، کە یا هەر باسی کورد ناکەن، یا بەخراپە باسی سەرهەڵدان و سەرکردەکانی دەکەن، لە وەڵامی ئەمانەدا، کۆمەڵێ ڕووداوی خستۆتەڕوو، کە ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە، کە کورد لەوان زیاتر ڕوو بەڕووی داگیرکەری بەریتانی بۆتەوە. هەندێ لە هەڵچوون و ڕاپەرینەکانی کوردیش هەڵبەتە لە دەوروبەری شۆڕشی بیستدا ڕوویانداوە.

دکتۆر کەمال وەکو پسپۆڕێک لە بواری مێژوودا، ناتوانێ ڕووداو و کەسایەتییە مێژووییەکان لە دەرەوەی کات و شوێن، بەدابڕاوی لە دەروبەرو و پێشهات و ئاڵ و گۆڕەکان بخوێنێتەوە. ئەگەر بە قسەی گەلێ لە نووسەران و سیاسەتمەدارانی ئەوڕۆی کورد بکەین، ئەوا دەبێ خەتێکی ڕاست و چەپ بێنین، بەسەر سەردەمی کۆلۆنیالیزمدا لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، چونکە ئەمریکا و بەریتانیا ڕژێمی خوێنڕێژی بەعسیان لە نێوبرد و ئەوڕۆ خۆشەویستی کوردن. لە بەریتانیا و فەڕەنسا و هەموو ئەو وڵاتانەی لە کاتی خۆیدا خاوەن کۆلۆنیابوون، داخوازییەکی لەو جۆرە لە ئارادا نییە، چونکە ئەوە بەشێکە لە مێژوو، بەخواستی کەس ناسڕێتەوە. هەڵبەتە سیاسەتمەدار و نوسەری هەلپەرست دەتوانن هەڵویستی خۆیان 180 پلە بگۆڕن و لەوپەڕی چەپەوە باز بدەنە ئەو پەڕی ڕاست، لێ ئەوە ئاکاری مرۆڤی زانا و ئەکادیمی نییە. ئەو تەنها ئەو کاتە، کە زانیاری نوێ پەیدا دەبن و گومان دەخەنە سەر ئەوانەی پێشوو ناچار دەبێت بە بۆچوونەکانی خۆیدا بچێتەوە. شۆڕشی بیست لە دژی کۆلۆنیالیزمی بەریتانی بووە و لە گەلێ ناوچەی کوردستانیش، خەڵک لە دژی داگیرکەری بەریتانی سەری هەڵداوە، هەوڵی ڕزگارکردنی وڵاتەکەی داوە. ئەمە ڕاستیەکانی مێژوون، ڕزگاکردنی کورد و گەلانی تری عێراق، لە ڕژێمی سەدام حوسێن، لە لایەن ئەمریکا و بەریتانیاوە لەم ڕاستیانە هیچ ناگۆڕن. لەم دواییانەدا کاتێ لە ئیسماعیل بێشکچی دەپرسن، ئەوە چییە سەرۆکی پەکەکە بەباڵای کەمالیزمدا هەڵدەدا و بە ئیدیۆلۆجییەکی پێشکەتنخواز و دادپەروەری دادەنێت، کەچی تۆ و لە ڕابردوودا ئەوانیش بە دوژمنی هەرە گەورە و ترسناکی کورددتان لە قەڵەم دەدا، هەموو هەوڵتان بۆ ئەوە بوو، کورد لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی ڕزگار بکەن. ئەویش بە شێوازەکەی خۆی گوتبووی پارت و کەسانی سیاسی دەتوانن بیروبۆچوونەکانی خۆیان بگۆڕن، لێ مرۆڤی ئەکادیمی و شارەزا تەنها ئەو کاتە هزری خۆی دەگۆڕێت، کاتێک بەڵگە و زانیاری نوێ پەیدا دەبن، ئەوانەی پێشوو بەدرۆ دەخەنەوە و من هیچ شتێکی لەو جۆرە، لەم بوارەدا لە ئارادا نابینم. کتێبی (مێژوو) شاکارێکی تری دکتۆر کەمال بوو، کە پێموایە هەڵوێستی زوربەی خوێنەرانی کوردیی لە مەڕ زانستی مێژوو گۆڕی. دوای کورتە باسێکی مێژوو و گەشتی زانستی مێژوو، لە یۆنانی کۆنەوە تاوەکو هەشتاکانی سەدەی بیست، هاتۆتە سەر باسی مێژوونووسیی کوردیی و نێوە دیارەکانی ئەم بوارەمان پێدەناسێنێت، لە ئیبن ولئەسیرەوە تا دەگاتە ئەوانەی لە هەشتاکاندا خەریکی باس وخواسی مێژووی کورد بوون. لە تەک ئەو باسە گرنگانەدا بیبلیۆگرافیایەکی مێژوونووسیی کوردیی بڵاوکردۆتەوە، کە 976 ناونیشانی گرتۆتە خۆی. ئەم بیبلیۆگرافیایە بۆ خۆی کارێکی زانستی تا بڵێی گرنگ و پێویستە و دکتۆر کەمال بەم کارەی یارمەتیەکی گەورەی پێشکەش بە مێژوونووسانی کورد کردووە (18). سەرباری هەموو ئەو کارانەی دکتۆر کەمال بەوە ناسراوە، کە کاتێکی زۆر بۆ ئەو قوتابیانە تەرخان دەکات، کە خەریکی ئامادەکردنی نامەی ماستەر و نووسینی تێزی دکتۆران. هەروەها بایەخی زۆر دەدات، بەو نامە وت ێزانەی بەشداری لە گفتوگۆیان دەکات، بە وردی دەیانخوێنێتەوە و سەرنج و بیروڕای خۆی لە سەریان دەخاتە ڕوو، کە دەبنە هۆی دەوڵەمەندکردنی ئەو بەرهەمانە. ڕەنگبێ ژمارەی ئەو نامە و تێزانەی، کە دکتۆر کەمال سەرپەرشتی کردوون، یان لە گفتوگۆیاندا بەشداری کردووە، ئێستا خۆی لە سەدان نامە بدات. باوەر ناکەم نامە و تێزێکی سەرکەوتوو لە بواری مێژووی نوێی کورد و عێراق وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نزیک، لەم بیست سی ساڵەی دواییدا لە عێراق ئامادە کرابێت و شوێن دەستی دکتۆر کەمالی پێوە دیار نەبێت. ساڵانە دەیان قوتابی لە زانکۆ جیاوازەکانی عێراقەوە ڕوو لە دکتۆر کەمال دەکەن، بۆ ئەوەی ئامۆژگاریان بکات و ڕێنماییان بکات. ئەوەندە میهرەبانە باوەڕ ناکەم، هەرگیز دەستی بەڕووی کەسەوە نابێت و دەستی یارمەتی بۆ درێژ نەکردبن. ئەمکارانە کات و توانای زۆریان لەو بردووە، کە دەیتوانی بۆ توێژینەوەکانی خۆی تەرخانیان بکات. لێ لە بەرامبەر ئەوەدا ئەو خۆشەویستی و ڕێزی خەڵکی بەدەستهێناوە. ئەمەش ئاکاری زانای ڕاستەقینەیە، کە زانیاری و ئەزموونە تایبەتیەکانی خۆی پێشکەش بەخەڵک دەکات و بەوشێوەیە، ئەرکی ڕۆشنبیری خۆی دەبێنێ و نمونەی مرۆڤی زانستپەروەر، پێشکەش بە کۆمەڵگە دەکات.

یەکێ لە خەسڵەتە جوانەکانی دکتۆر کەمال مەزهەر، وەکو چەند جارێ لە خۆیم بیستووە، ئەوەیە کە بەبێ خۆئامادەکردن ناچێتە پۆلی وانەگوتنەوە. هەر بۆیە وانەکانی هەمیشە پڕن لە زانیاری نوێ و سەرنجی قوتابیان ڕادەکێشن. یەکێ لە دیاردە خراپەکانی زانکۆکانی ئێمە خۆدووبارەکردنەوەی مامۆستایانە و بەسەرچوونی ئەو بابەت زانیارییانەیە، کە پێشکەشی قوتابیانی دەکەن. کەسایەتیەکانی مێژووی هاوچەرخی کورد، جێگەی بایەخی دکتۆر کەمال بوون و گەلێ دیداری لە گەڵدا کردوون، گوتاری لە بارەیانەوە نووسیوە. کەڵکی زۆری لە بیرەوەرییەکانیان وەرگرتووە، بۆ دەوڵەمەندکردنی لێکۆڵینەوە زانستیەکانی لەمەڕ مێژووی هاوچەرخی کورد. کەسانی وەکو ئیسماعیل حەقی شاوەیس، عەلی سیدۆ الگۆرانی، ئەحمەد خواجە، عەلائەدین سوجادی، ڕەوشەن بەدرخان، ئەحمەد تەقی، فاتمە محێدین و گەلێکی تر جێگەی ڕێز و ستایشی ئەو بوون، سەردانی کردوون و بیرەوەرییەکانیانی لای خۆی تۆمار کردووە، بە هەوڵ و کۆششی ئەو بوو، بەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانی فوئاد عارف بڵاوکرایەوە. هەر ئەویش بوو بیرەوەرییەکانی دوا سەرەک وەزیرانی عێراقی سەردەمی پاشایەتی ئەحمەد موختار بابانی بڵاوکردەوە (19). دکتۆر کەمال مەزهەر باوەڕی وایە، کە (مێژوو زانستێکی وشک وبرینگ نییە، بەرهەمەکانی وەکو ئەدەب بۆ هەمووانە، نەک تەنها بۆ شارەزایان لە بەر ئەوە پێویستە شێوازی نووسینەوەی ڕووداوەکانی ڕەوان و دڵگیر، ئاودار و نازدار بێت، تاوەکو بە ئاسانی بڕژێتە ناو هەست و دەرونی خوێنەرەوە. بۆ ڕازاندنەوەی بەرهەمەکانی مێژوونووس، بەئاسانی دەتوانێت پەنابەرێتە بەر شیعر و ئەدەب وداستان و ئەفسانە و پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی باو و باپیران و گاڵتە وگەپ و فۆلکلۆر و بەسەرهاتی دانسقە و خۆش و ناخۆشی کۆمەڵانی خەڵک )(20). لە هەموو بەرهەمەکانیدا ئەو شێوازە بەرچاوە . ئەو هەمیشە بە کوردییەکی ڕەوان و بە شێوازێکی دڵڕفێن ڕووداوە مێژووییەکان، بۆ خوێنەرانی خۆی دەگێڕێتەوە و لێکیان دەداتەوە. ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێبکەین، ئەوەیە کە ئەم ستایلەی کاری نەکردۆتە سەر ناوەڕۆکی زانستیانەی بەرهەمەکانی.

بڕوانە ل 3

# دکتۆر کەمال دوای کەوتنی ڕژێمی سەدام زوو هاتە دەست و بەرهەمێکی گرنگی لە بارەی یەکێ لە گرێ کوێرەکانی دۆزی کورد، خستەبەردەم ڕۆشنبیران ئەویش کتێبی(کەرکوك و دەروبەرەکەی، حوکمی مێژوو ویژدان)ە

زمانی شیعر و ئەدەب زاڵ نەبووە بەسەر زمانی زانست و لێکدانەوەی فاکت و زانیارییەکاندا. لە سەرەتای نەوەدەکانەوە زۆر ئاگاداری نووسین و بەرهەمەکانی دکتۆر کەمال مەزهەر نەبووم، هەرچەندە هەرچیم چنگ کەوتبێ خوێندوومنەتەوە. کاری کاک عەبدوڵا زەنگەنە ڕاستبێت، کۆمەڵێکی باشی لە گوتارەکانی ئەو ساڵانەی دکتۆر کەمال مەزهەری کۆکردەوە و لە دووتۆیی کتێبێکی 621 لاپەڕەیدا، لە ساڵی 2001 وەکو بەشی دووەمی (چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد)، لە هەولێر بە چاپی گەیاند(21). لەم بەرهەمەیدا دکتۆر کەمال مەزهەر، کەڵکێکی زۆری لەبەڵگە و دەکومێنتەکانی بەریتانیا و عێراق لەمەڕ کورد و کوردستان وەرگرتووە و گەلێ لایەنی مێژوویی و بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردیی لەبەر ڕۆشنایی، ئەو بەڵگە مێژووییانە بۆ خوێنەران و نەوەکانی داهاتوو ڕوون کردۆتەوە. لەبەر ڕۆشنایی ئەو دیدەی، کە دەڵێ هەموو نەوەیەکی نوێ خوێندنەوەی تایبەتی خۆی هەیەم بۆ پرس و دەقە مێژووییەکان، کە لە گەشەکردنی زانست و بیروزانیاری و بەڵگەی نوێ و ئەزموونی نەوەکانی خۆی و پێش خۆیەوە سەرچاوە دەگرن. دکتۆر کەمال مەزهەر لەم ساڵانەی دواییدا هەڵسەنگاندنی نوێی دەبارەی کۆمەڵێک لە کەسایەتی و فیگورەکانی مێژووی هاوچەرخی کورد و عێراق پێشکەش کردووە، وەکو سەعید قەزاز، موشیری حەمەی سلێمان، نوری سەعید و گەلێکی دی. هەڵبەتە هەندێ لەم بوچوونانە دەتوانن مایەی مشتومڕبن. ڕەنگبێ هەندێ کەس بەتایبەتی ئەوانەی گیرۆدەی قەفەزی ئیدیۆلۆجی دەقگرتوون، یان بیر لەو مێژووە دەکەنەوە، کە دڵ دەیخوازێت، نەک ئەوەی لە ڕاستیدا ڕوویداوە، ئەم دیدوبۆچوونانەی دکتۆر کەمالیان بۆ قووت نەدرێت. دکتۆر کەمال مەزهەر دوای کەوتنی ڕژێمی سەدام حوسێن زوو هاتە دەست و بەرهەمێکی گرنگی لە بارەی کێشەیەکی سەرەکی و یەکێ لە گرێ کوێرەکانی دۆزی کورد، لە باشوری کوردستان خستەبەردەم بڕیاردەران و سیاسەتمەداران و ڕۆشنبیرانی کورد و عەرەب، مەبەستم کتێبی (کەرکوک و دەروبەرەکەی، حوکمی مێژوو ویژدان)(22). دکتۆر کەمال ئەم بەرهەمەی (پێشکەش بەو عەرەبانە کردووە، کە نایانەوێت زۆردار بن، بەو ئەندازەی نایانەوێ زۆرلێکراو بن). لەم بەرهەمەیدا دکتۆر کەمال مەزهەر ڕاستییە مێژووییەکان، لەمەڕ کوردستانێتی کەرکوک، لە بەر ڕۆشنایی بەڵگە و سەرچاوە مێژوویيە ڕەسەنەکان دەخاتە بەردەم هەموو لایەک. خەمی کەرکوک و هەموو ئەو دەڤەرانەی تری کوردستان، کەوەبەر شاڵاوی پاکتاوی ڕەگەزی بەعس کەوتن، خەمێکی هەمیشەیی دکتۆر کەمال بووە، ڕۆڵەکانی ئەو ناوچانە، کە قوتابی و دۆست و ئاشنای دکتۆر کەمال بوون، دەزانن ئەو چەندە لە هۆڵی ئەوەدایە، کە پێگەی کورد لەو شار و دەڤەرانە بەهێز بکرێن، بۆ ئەوەی نەیاران زەفەریان پێنەبەن. ڕێزوخۆشەویستی خەڵک، بۆ دکتۆر کەمال و نێوونێوبانگی، وەکو زانایەک و ڕۆشنبیرێکی گەورە و کەسایەتی پڕلەسۆز و مرۆڤدۆستی ئەو بوون، کێچ کەوتنە کەوڵی ئەوانەی پەتای دەردەکورد، دەمێکە زەبری پێبردوون، هەوڵی زۆریاندا لە ڕێگەی ڕاپۆرت نووسین و قسەوقسەلۆکەوە، بە فەتاراتی بدەن، یان هیچ نەبێت نێوی بزڕێنن. خۆشبەختانە لە هەموو پیلانەکانیان شکستیان هێنا و خۆشەویستی خەڵک بۆ دکتۆر کەمال لە جاران زیاتر بوو. هەڵبەتە هەندێ ئازاریان بە دکتۆر کەمال و هەموو ئەوانەی خۆشیان دەویست گەیاند، لێ لەبەرامبەر ئەوەدا

پایدۆزیان لێکرد، جاروبار هەندێ لەوانەی گوایە ڕەخنە دەگرن، لە دید و بۆچوونەکانی دکتۆر کەمال ئەوەندە نەخوێنەوارن، مرۆڤ بە گوتەی برادەرێک، دەبێ ماشەڵا لە نەزانیان بکات، نەبدا ببن بەچاوەوە. یەکێ لەوانە جیاوازی نێوان میری کۆرە و مەلای خەتێی لێ بووە بەگرێ کوێرە و بۆی نەکراوەتەوە، بۆیە (داهێنەرانە) تێکهەڵکێشی کردوون و فیگورێکی نوێی لێ (ئەفراندوون) بە نێوی (مەلای کۆرە). دکتۆر کەمال پرۆژەی زانستی زۆری لە بەر دەستدایە، کە دەیەوێت کاریان لە سەر بکات، لێ ماوەیەکە تەندروستی باش نییە. هیوام وایە بە زووترین کات چاکببێتەوە، ئەو کارانەی کە لە سەردەمی دەسەڵاتی ڕەشی بەعسدا نەدەکرا، بیریان لێبکرێتەوە ئێستا کاریان لە سەر بکات و خوێنەری کورد و نەوەکانی داهاتوویان لێ ئاگاداربکات. من دەزانم لە گوتارێکی وادا ناکرێت مافی زانایەکی وەکو دکتۆر کەمال مەزهەر بدەینەوە. ئەو کە خاوەن ئەو هەموو کتێب و بەرهەمەیە، کە پێشکەشی خوێنەرانی کورد و عەرەبی کردووە،ئەو هەموو شاگردەی کە پەروەردەی کردوون و ئەو کەسایەتییە پڕ لە هەستی مرۆڤایەتی و سۆزەیە، چەندین گوتاری وەک ئەمەی من مافی خۆی نادەنێ، کاتی ئەوە هاتووە نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا لە سەر بەرهەمی بیری ئەو زانایە ئامادەبکرێن. پەراوێز وسەرچاوەکان:

1 . دکتۆر کەمال مەزهەر یەکەمین وتارە مێژووییەکانی ( ڕۆڵی کورد لە مێژووی شارستانێتیدا ) و (سەرنجێکی مێژوویی لە سەر زمانەکەمان) لە گۆڤاری (بڵێسە) لە ساڵی 1959 دا بڵاو کردۆتەوە. بۆ دەقی ئەو وتارانە بروانە : دکتۆر کەمال مەزهەر ، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد ، بەشی یەکەم . بەغدا 1985 .
2 . بروانە : کەمال مەزهەر ئەحمەد ، بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی لە کوردستانی عیراق 1918 –1932 ، باکۆ 1967 (بەزمانی رووسی )
3 . بروانە : کەمال مەزهەر ئەحمەد ، بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی لە کوردستانی عیراق 1918 – 1958 ، باکۆ –مۆسکو 1969 .(تێزی دکتۆرای ناووک بە زمانی ڕوسی. بۆ لیستی وتار وبەرهەمەکانی دکتۆر کەمال مەزهەر بە زمانی رووسی بروانەی : دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، مێژوو – کورتە باسێکی زانستی مێژوو وکورد ومێژوو ، بەغدا 1983 ، ل . 362
4 . شەرەفخانی بدلیسی ، شەرەفنامە ، هەژار کردویە بە کوردی ، چاپخانەی نعمان ، نەجەفی پیرۆز 1973 .
5. دکتۆر کەمال مەزهەر ، مێژوو.ل 125 –126 .
6 . هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل 105 –.132
7. د. كمال مظهر احمد، انتفاضة 1925 فی کوردستان ترکیا، بیروت 2001 .
8. وردەکارییەکانی ئەو کۆنفرانسانە ورۆڵی کورد ودەقی وتارەکانی دکتۆر کەمال لە کاتی خۆیدا لە رۆژنامەی (التاخی ) و (برایەتی)دا لە 8 نیسان و5 و8 و17 ئابی ساڵی 1973 دا بڵاوکرانەوە : هەروەها بروانە : دکتۆر کەمال مەزهەر ، مێژوو ، ل 242 – 246 .
9 . دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد ، کوردستان لە ساڵەکانی شەری یەکەمی جیهاندا ، بەغدا 1975 .
مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم وەرگێراوە سەر زمانی عەرەبی وبە یارمەتی کۆری زانیاری کورد بڵاوی کردەوە . بروانە :
د. كمال مظهر احمد ، کردستان فی سنوات الحرب العالمیه الأولی ، ترجمة محمد الملا عبدالكريم ، بغداد 1977 .
10 . دکتۆر کەمال مەزهەر ، مێژوو ، ل 28–29
11. دکتۆر کەمال مەزهەر ، ((تێگەیشتنی راستی)) وشوێنی لە رۆژنامەنووسیی کوردیدا ، بەغداد 1978 .
12 . دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد ، ئافرەت لە مێژوودا ، کورتە باسێکی مێژوویی وکۆمەڵایەتی ، بەغدا 1981 .
13. بۆ ئەو بابەتانە سەیری ئەم بەرهەمانەی دکتۆر کەمال مەزهەر بکەن:
د.کمال مظهر أحمد ، الطبقة العامله العراقية. التكون وبدايات التحرک، بیروت 1981 .
أ. شامیلوف ، حول مسألة الأقطاع بين الكرد، ترجمه وكتب مقدمته وعلق عليه الدكتور كمال مظهر أحمد ، بغداد 1977.
بۆ لیستێکی ناتەواوی ئەو بەرهەم ووتارانەی دکتۆر کەمال مەزهەر بروانە :
دکتۆر کەمال مەزهەر ، مێژوو ، ل 298–301 و 342 – 345 و 361–362 .
14. د. كمال مظهر أحمد ، أضواء على قضايا دولية في الشرق الأوسط، بغداد 1978 .

# لە حەمامەکەی بەرزنجەوە بۆ بورجەکەی پاریس....

## خۆشناو مەریوانی

سێپتەمبەری ٢٠١٤

پێشکەش بە شەهید دڵشاد مەریوانی بێت. هاوڕێ! ئەگەر بیخوێنیتەوە، بەشێکە لە چیرۆکی سەردەمێکی کورتی ژیانم. کاتێک لە بەرزنجە مامۆستا بووم، سەرەتای ساڵەکانی خوێندنی ١٩٧٨ بۆ ١٩٧٩ بوو. ئەشکەنجەیەکی زۆرم کێشا، موچەکەم بەشی هیچی نەدەکرد، مەجبور ماستی خێری هاوڵاتیان، هێلکەی مەسڵەحە، قوتوی سەردین، باینجانی سورەوەکراوە و نۆکاوم دەخوارد. گۆشتم تەنیا بەزیندووی دەبینی. من و مامۆستا "س"، وانەی "ک"ی دەگوتەوە، لە ژووری مامۆستایان لە قوتابخانە دەنوستین. مامۆستا "س" بەستەزمانە، فرە بەدبەخت دیاربوو، مردن نەبێت چ لە ژیانیدا بەدی نەدەکرا. باوەژن بەخێوی کردبوو. بۆی گێڕامەوە پاش مردنی دایکی، کەوتبووە چنگی باوە ژنەوە. باوەژن بەماوەیەکی کورت لەماڵ وەدەری نابوو. پاشان نەنکی بەهەژاری و ناسۆری بەخێوی کردبوو. ویستوونەبوو، نە مامۆستاکان، نە قوتابێکان کەیفیان پێینەدەهات. کابرایەکی بەشان و شەوکەت نەبوو، بەخۆداچووە و فەقیرۆکە و بەستەزمان دیار بوو. جارێکی باسی خودی مامۆستا "س"م بۆ دایکم کرد. دایکم گوتی: بەدبەختە! باوەژن بەخێوی کردووە .ئەو تاریفەی دایکمم هەرگیز لەبیر ناچێتەوە، چۆن کتوپڕ پێیزانی باوەژن بەخێوی کردووە. دایکم چەند ساڵێک بوو، بۆ هەتاهەتایە بۆ خاک گەرابۆوە. دوای ماوەیەک لە تاریف و پێزانینەکەی دایکم تێگەیشتم کتومت خۆشەویستی دایکان بۆ منداڵەکانییانە. هەرکات دایکان منداڵانی بەدبەختییان دی، کتوپڕ هێژن دایکتان بمرێ، چونکە وادەزانن بەبێ دایکی بەخێوکراون و گەورەبوون. من و مامۆستا "س" لە ئێوارێ بەدواوە لەبێ شوێنیدا، لە ژوری مامۆستاکان بەیەکەوە دەژییان. نەمن نە ئەو چ مان هەبوو بۆ یەکدی باسکەین. بەدیار یەکەوە بەبێ ڕادێو و تیڤی قورووقەپ دادەنیشتین. خۆم کەمێک بەخوێندنەوە و ئامادەکردنی وانەکانی بەیانییەوە خەریک دەکرد. بەداخەوە!! لە ماوەی ئەو دەساڵەی پێشودا بیستم مامۆستا "س"، هەژارە هەر بەلاوی بە نەخۆشیەکی کوشەندە مرد بوو. پاش ماوەیەکی کورتی ژیانم لە بەرزنجە، دەرفەتم بۆهەڵکەوت، مامۆستاکانی دێکانی دەورووبەری بەرزنجە بناسم، جارجارە دیداریان بکەم. هەندێ جار ڕێدەکەوت شەوانە لای وان بمێنمەوە. یان ئەگەر دونیا خۆشبوایە و بێبارانی بوایە، یەک دوو برادەرم لە بەرزنجە پەیداکردبوون، بۆ بای باڵی خۆمان ئێواران دەچووینە ئەو دەشت و کێوانە. جارهەبوو لەماڵی هەندێکیان داوەت دەکرام، هەر لەوێش دەنوستم. مامۆستای ماتماتیک، زانیاری، فیزیا و وەرزش بووم. لە کارەکەمدا بێ پێداگرتن بەتوانا بووم، قوتابێکان خۆشیان دەویستم. دوای نیوەڕوان بۆ گەشتوگوزار، هەندێ جار بۆکێوەکانی چواردەوری بەرزنجە دەچوینە پیاسە. لەبەرزنجە! مودیر ناحیە، خەستەخانەیەک، حەمامێک، چایخانەیەک و گەراجێکی هاتوچۆی بۆ سلێمانی لێ بوو. لەورا معاون پۆلیسێکی بەعسی عەرەب، سەرۆک موونەزەمەی بەعسی بوو. پیاوێکی کەلەزلی ناشرین، تا سەرئێسک ڕقم لە چارەی دەبۆوە، هەرگیز نەم هێشت ڕووم بە ڕوویدا بتەقێتەوە. پاش چەند مانگێ بۆم دەرکەوت، هەڵسوکەوتم سەرنجی ئەو کەلەزلەی ڕاکێشاوە و چومەتە ژێر دیقەتییەوە. بە بەردەوامی سەر قاڵی وانەگوتنەوە بووم. پاش چەند مانگێک، کەوتینە زستانێکی ساردەوە. گیانێکمان بە زۆپای قوتابخانەکە بوو، توانیمان زستان، لەبەر سەرما بەبێ کوفرکردن بەڕێ بکەین. بەهار بەهەوری ڕەنگاوڕەنگ، بەشیری بروسکە، بەنمەنمی بەخوڕی کەم تەمەن، وەک تازەبووک بەلەنجەولار هات. تیشکی ڕۆژ لە نێوان چرۆی درەخت و لقی تازە سەوزی کاڵەوە سەرەتاتکێی دەکرد. بەهاری ١٩٧٩ لەگەڵ خۆیدا بانگی شۆڕشی میللی ئێرانیدا و لاوانی ئازادیخوازانی سەرجەم گەلانی ئێران لەگەڵ



گوڵاڵە سوورەی بەهار، بۆ نەخشاندنی دەشت و کێو کەوتبوونە ڕکەبەرایەتییەوە. وڵاتی ئێران بەتایبەتی تاران و شارەگەورەکانی بە بڵێسەی ئاگری شۆڕش، ڕۆژی حەشر چۆنە ئاوای لێهات بوو. لە جادەکانی تاراندا گەل شەڕی لەگەڵ دەبابە و تانکی دەوڵەتیدا دەکرد. بەلای من و هاوڕێیانمەوە، ڕووداوێکی نێودەوڵەتی فرە گرنگ بوو. بە هەناسە لەڕووداوەکانی ناو شارەکانی ئێران ئاگاداربووین. لە پشووی نیوەی ساڵدا لەگەڵ دوو هاوڕێی خۆشەویستمدا بریارماندا لە نزیکەوە شۆڕشی ئێران ببینین. پاش یەک دوو ڕۆژ بەپێ بەرەو کوردستانی ڕۆژهەڵات کەوتینەڕێ. لەگەڵ شۆڕشی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، بەگوێرەی بیرونیازی ئەوکاتەمان، بەنیاز بووین پردی پەیوەندی دروستبکەین. بیرمان دەکردەوە، ڕوخاندنی شا و دامەزراندی وڵاتێکی دیموکراتی ئازاد لەئێراندا، شۆڕشی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەردەوام دەبێت. بەردەوامی شۆڕشەکە هەرێمێکی کوردستانی ئازاد پێکدێنێت. ئەوکات کوردستانی ڕۆژهەڵات پشت و پەنامان دەبن. هەندێ نوسرا و بەیانی هاوڕێیانمان لە سلێمانی ئامادەکرد، بەرەو پێنجوین کەوتینەڕێ. هەر ئەو ڕۆژە سنورمان بەزاند. بۆشەوەکەی لە شارە جوانەکەی مەریوان نوستین. لەهەموو کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا شەوانە لە بارەگاکانی کۆمەڵە، دیموکرات و فیدایی خەڵقدا ڕۆژمان دەکردەووە. پارەمان فرەکەم پێبوو. بیرمە لە مەریوان، یەکێ لە لێپرسراوەکانی کۆمەڵە، قیمەتی پێنج دیناری عێراقی ئەوسا بۆ خەرجیمان بەتمەن پێبەخشین. سەفەرێکی سەیر و سەمەرە بوو، لە ڕووی بیروباوەڕی شۆڕشگێڕیەوە دەوڵەمەندی کردین. لەگەڵ ئەوەی هەنوکە بیر لەو ڕۆژانە دەکەمەووە، هەست دەکەم ئەو هاوڕێیانەی ئەورۆ ماوین لەسەر قازانجین، بەسودفە شەهید نەبووین. فرە کات بیر لە ڕۆژی گەڕانەوەمان دەکەمەوە کاتێک سنوری نێوان ئێران و عێراق لەپێش ڕۆژهەڵهاتندا بەزاند، بەجیاوازی پێنج خولەک لەکەمینی جاش و سوپای بەعس ڕزگارمان بوو. پشوی نیوەی ساڵ تەواو بوو .قوتابخانە سێ مانگێکی بۆ پشوی سەری ساڵ مابوو. لە ماوەی ژیانی ئەو چەند مانگەی مامۆستایەتم هەوڵمدا بەدڵی زۆربەی قوتابیان و باوکانیان بم. هەروەها بەتەنگ ڕفتەکانیانەوە دەهاتم، لەتەکییاندا وەک کەسێکی خەمخۆریان بووم. هەمیشە گەرەکم بوو، پەیوەندیم لەتەکییاندا بەرز و پتەو بیناکەم. هاوکات هەوڵم دەدا، شیرازەی ڕێزگرتن و خۆشەویستی نێوان مامۆستا و قوتابیان هەمیشە مەحکەم ڕاگرم . ڕۆژ ومانگەکانی ساڵ تێپەر دەبوون، کەوتینە دوای ناوەراستی وەرزی بەهارەوە، کە بەهەموجوانییەکێوە دەیویست بەجێمان بهێڵێ. وانە وتنەوە وئامادەکاری قوتابخانە هیلاکییان نەدکردم. بەپێچەوانەوە سروشتی جوانی شوێنی کارەکەم سەرمەستیان دەکردم کۆتای ساڵی قوتابخانە نزیک دەبۆووە، بەهارێکی سەوزی جوان بەرزنجەی بەرەو زەردی خەزان دەبرد. بە مەزەکانی! ماست، دۆ و پەنیر فرە هەستییان لەخەیاڵ و دڵ و دەرونمدا دەتوانەوە. هەندێ نیوەڕۆ لەحەفتەکەدا، دوای قوتابخانە، لەگەڵ هەندێ لە قوتابێکاندا، دەشت ودەر وکێوی چواردەوری بەرزنجەمان دەپێوا دکتۆرێکی لاوی گەلێک ڕێزدار لە بەرزنجە بوو، کوردی نەدەزانی، بەعەرەبی گوفتاری دەکرد، لە موسڵمان نەدەچوو، خەڵکانی دێ دەیانگوت نەفی کراوە. دیار بوو دەسەڵاتی بەعس لە ڕەفتارەکانی دوودڵ ببوون، بۆیە لە بەرزنجە گیرساندبوویانەوە، دڵی بەمن دەکرایە و جارجار پێکەوە پیاسەمان دەکرد.

بڕوانە ل 5

# باسی دنیاو زانستم بۆ دەکردن و گرنگی زۆرم بە منداڵەکانیان دەدا. هاوکات بەهیچ جۆرێک ئەوەی بەموو پەیوەندی بە جاش و بەعسەوە بوو، نەسەلام نەچ حیسابێکم بۆ نەدەکردن.

حەزی بە سروشت بوو، فرەکەیفی بە بەهاری کوردستان دەهات. بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان، وەنەبێت بەهیمەتی شارەزایی بووبێت بەبەڕێوەبەر، نەخێر یەکەم موچەخۆری قوتابخانەکە بوو، بۆیە ببوو بە بەرێوەبەر. بە دکتۆری دەگوت میتافیزییاییە، وشەی میتافیزیا بۆ بەڕێوەبەر چ مانایەکی فەلسەفی نەبوو. وایدەزانی ئەوکەسانەن بە ڕەنگاو ڕەنگی سروشت خەیاڵیان دەفرێت میتافیزییاین. مادیش ئەوانەن! هەموو دیاردەیەک بەحیساب شیدەکەنەوە. بەڕێوەبەری قوتابخانە زۆرجار ئێواران دەیگوت: بابچین دکتۆری میتافیزیک ببینین. دکتۆر تا هەستکەیت، دڵ ناسک بوو، لەهەناسەدانیدا دەری دەخست، کەیفی بە هەموو دیاردەیەکی سەوزی بەهاری کوردستان دێت. خۆ چ قورەت بوو، لە باسی قوتابخانە، بەرزنجە و نەخۆشی و خەستەخانە لابدەین، لەترسی وشە درکاندنی یاساخ، هەستم دەکرد لە شوشەیەکی سەرداخراودا دەژین، لە چ جیهانێکدا نین، سیاسەت، مێژوو و جوگرافیا بۆ ئێمە بقەبوو، ژیانمان کەم بینین و کەم بایەخ بوو، وەلێ!! ڕووداوەکان وەک مار و مێرووی سەوزی بەهار تیژتێپەر بوون. لە ڕووداوێکی لابەلایدا، هەستم کرد، مدیر ناحییە و سەرۆکی مونەزەمەی بەعس، لەڕەفتارم ناڕازین. بەرزنجە لادێیەکی گەورەبوو، خەڵکەکەی ڕۆژی دووجار یەکدیان نەدیبایە، ئەوە حەتمی بوو جارێکی ڕوبەڕوی یەکدی دەبوونەوە. زۆربەی خەڵکی ناحێە فرەتر و فرەتر منیان گەرەک بوو. ڕێزم لە هەموو جوڵەیەکیان دەگرت، باسی دنیاو زانستم بۆ دەکردن و گرنگی زۆرم بە منداڵەکانیان دەدا. هاوکات بەهیچ جۆرێک ئەوەی بەموو پەیوەندی بە جاش و بەعسەوە بوو، نەسەلام نەچ حیسابێکم بۆ نەدەکردن. نەفس نزمەکان بەزەبری دەسەڵاتی ئاغاکانیان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قینیان لێم دەبۆوە. لە ژێر زمانی خەڵکەوە، ئەم بیست ڕەفتارم، مدیر ناحییە و سەرۆک مونەزەمەی بەعس و خۆفرۆشەکان!! کەڵبەی بێحورمەتیم لێ تیژدەکەنەوە. بەرزنجە تاقە حەمام، تاقە وێستگەی هاتوچۆ بۆ سلێمانی وتاقە چاخانەیەک هی ماڵە شێخ جاشێ بوون، کەچاوترسی خەڵکیان بە پێشرەوی جاش وعەسکەر بۆ دێکانی دەورو بەردەکرد. کورێکی بیست ساڵیان هەبوو کە زۆر بەدفەساڵ بوو، بەبینی لەشم برینی دەکرد. ڕۆژێکی دەمەوعەسرێک، فەڕاشی قوتابخانەکەم بینی، لە خەیاڵمدا بوو داوای لێبکەم ڕێوڕەسمی چوون بۆ حەمامی بەرزنجە چۆنە. چونکە یەکەم جار بوو، لە بەرزنجە بۆ حەمام بچم. شارەزانەبووم پێمگوت مام فلان سڵاو : خاس بوو بەڕێزتانم بینی فرە سوپاست دەکەم، دەمەوێت بۆ حەمام بچم، کاتەکانی نازانم. وەڵامی دامەوە: ئاسانە چ کات ویستت بەخاوەنی حەمامەکە دەڵێم، دەرگاکەت بۆ والاکەن، بێ خەمبە، هەر چەندە دنیا سارد نییە. وەلێ گازی بەلاشی حوکومەتیان زۆرە، حەمام ساڵ دوازدەی مانگ گەرمە. دەمم بردە نزیک گوێچکەیەوە، ئەرێ مامە فلان بیستوومە، هێژن ماڵە جاشە زلەکانن. مام فلان وەڵامی دامەوە: مامۆستا گیان دارو دیوار گوێی هەیە، چیت لام فەرمووتان، لە هیچ کوێ نەی درکێنی، ئەمانە بۆ دنیا حەشریان فرۆشتووە. بەهێواشی پێی گوتم: مامۆستا وریابە، ڕۆژگارەکەی فرە پیسە. بەتایبەتی لەم ڕۆژانەی دویدا، بەڕێزتان لە سلێمانی بوون، سەرۆک مونەزمە لە قوتابخانە هەواڵی بەڕێزتانی لە بەرێوەبەری قوتابخانە پرسیبوو. ڕەنگێکم بردوو هێنا، چەند چرکەیەک بێدەنگ بووم. مام فلان لەسەر گوتەکانی بەردەوام بوو، وەک بییەوێت، بابەتەکە بگۆڕێ: لەبەرەوە، بەڕێزتان بۆخۆتان دەیبیستن. زۆر خاسە، ئەگەر ئەرک نابێت، پێیان بێژە، دەرگاکەم دوای نوێژی خەوتنان بۆ والاکەن، نرخی چەندە، قەول بێت دوقات حەقیان بدەمێ. سوپاسی بەڕێزتان و هەموو خەڵکە چاکەکان دەکەم. بێخەمبە، پێیان دەبێژم: بۆ دوای نوێژی خەوتنان، حوزورتان لەحەمام دەبن. وەڵامی دامەوە. بەرزنجە ئەودەمە شارۆچکەیەکی گەلێک خنجیلە بوو، بە شار نا، بەلادێ دەچوو، ژیانی کەسێکی شاری تێدا ئەستەم بوو. هەروەها بۆ لادێیەکی ئاوەها، ڕەئیس مونەزەمەیەکی بەعسی ڕەزاقورسیان تەرخان کردبوو. وا بۆ ٢٧ ساڵ دەچێت، تا هەنووکە، چارەگرانی ئەوەهام نەدیبووە. کاری چ نەبوو جگەلە چاودێری لاوانی خوێنگەرمی ناوچەکە نەبێت. لەسەر سەکۆیەکی بەرز، بەسەر کۆڵانی سەرەکیدا دەیڕوانی، بەتاقی تەنێ لەسەر کورسییەکی دارحەیزەران، بەم ڕۆژگارە دادەنیشت خۆی جۆڵانێ دەکرد. چاوی لە جوڵەی مار ومێروی بەرزنجە دەبوو. من هەستم دەکرد دەیەوێ هیچ نەبێ جارێکی سەیری ناوچەوانی کەم، بە چ شێوەیەک حیسابی داروو دیوارم بۆ نەدەکرد. هەموو ڕۆژێ یەکدوو جار بە بەردەمیا دەهاتم و دەچوم، خۆم سەرقاڵی بیر کردنەوە، یان سەیری لایەکی ترم دەکرد. ئێوارەهات و ڕۆژ ئاوا بوو، بەرزنجە بەو بەهارە نوقمی تاریکی بوو، من خۆمم کۆکردەوە، بەسابون ولفکەوە وجانتاوە، بەرەو حەمام رێکەوتم، لە بەردەم دەرگای حەمدا کەسم نەدی و چومە ژوری ساردەوە، پاش خۆ رووت کردنەوە، خۆم گەیاندە نێو حەمامەوە، ڕاست بوو گازی بەلاشە حەمامی فرە گەرم کردبوو، وەلێ لەهەموو شت دەچوو لەحەمام نەبێت. فرەتر لە کونە گورگێکی گەورە دەچوو تاحەمام. تارێک زۆر شێدار و لە بەر هەڵم چاو چاوی نەدەبینی. چیبکەم ناچار! لە بەرامبەری دەرگای چوونە ژورەوەدا، ڕوناکتربوو، لە تەنیشت جوورنەیەکی خواروخێچی بەچیمەتۆ دروست کراو دانیشتم و ئاو بۆسەر جورنەکە، بە بەلوعە زەردە چڵکنەکەی بەرەڵا کرد. قەیرێکی پێچوو تا جورنەکە پڕبوو. لە تاریکی حەمامێکی شێدار و هەڵماویدا، بەلفکەوسابونی بۆن خۆش، دەستم بە خۆشتن کرد. بەجامێکی شکاو و قوپاوی نێو جورنەکە، نیوەی جامەکە ئاوی تێدانەدەوستا خۆمم تەڕکرد، گوێم لەجیرەی دەرگای حەمام بوو، کەسێک لەسەر خۆ بێ دەنگ بەئەسپای پای دادەنا هاتە ژورەوە. زۆر بەلامەوە سەیر بوو، کەسێکیتر لەبەرزنجە شەوێکی درەنگان وەک من پێش خەوتنان بۆ حەمام بێت.

لەگەڵ جیرەی قاپی حەمامدا، نەمویست هەست بکات، گرنگی بەهاتنە ژورەوەی چ کەسێک بدەم، خۆم بەتەواوی سەرقاڵی خۆشتن کرد، سابونەکەم خستە خوارێ وەک لەدەستم خلیسکابێت، بەبیانووی هەڵگرتنەوەیەوە، بەتیلە چاو دیتم، کوڕە جاشی خاوەن حەمامەکەیە، بەشەرواڵ و کراس و پێپەتی، وەک کەسێک بەدەم ڕۆشتنەوە خەیاڵ بردبێتیوە، بێ ئەوەی سەیری لای منەوە بکات، بەئەسپای هەنگاو بەرەو لادەستی ڕاستمەوە دەنا. بیری گوتەکانی مام فلانی فەڕاشی قوتابخانەم کەوتەوە: سەرۆکی مونەزەمە لەقوتابخانە، پرسیاری بەڕێزتانی لە بەڕێوەبەر و قوتابێکان کردبوو. لە دڵی خۆمدا گوتم: ڕەنگە ویستبێتی هەڵوێستی زمانم بزانێت، بۆ وشەی جاشم بەکار هێنا، حەتمەن ڕایان سپاردووە. لە ناخمدا نەدەترسام، وەلێ هەستم دەکرد گۆڕانێک لەژیانمدا ڕوودەدات. لەگەڵ دوژمندا ڕۆژی ڕووبەڕو بوونەوەم نزیک بۆتەوە، دەبێ خۆم ئامادەی جەنگ بکەم. تا ڕوداوی کتوپر و ناوەخت ئێخەی نەگرتووم. پرسیارم لە خۆم دەکرد. ئەم هەتیوە خۆفرۆشی، کوڕی خۆفرۆشە، چی گەرەکە و بۆچی، بەمشەوە هاتووە، ئێخەم دەگرێ، پیشم دەخواردەوە. چرکە لەدوای چرکە، پتر پیشم دەخواردەووە و لەناخەوە، هەستی قینم دەکوڵا، بڵقی جەنگی دەدا. هەستم دەکرد لەمسەری حەمامەکەوە جامێکی شکاوی بە ئەسپای بۆ ئەوسەری حەمامەکە دەبرد، لەوسەرەوە بۆ ئەم سەر دەیهێنایەوە. هەستم کرد بەمشەوە درەنگە لە خۆڕا نەهاتووە. پاش قەیرێ لێم نزیک بۆوە، وام دەردەخست، کە ئاگام لە چوار دەورم نییە و تەنیا ئاگام لە خۆشتن بوو. نا تا دەهات فرەتر لێم نزیک بۆوە تا دەمی هاوردە بنا گوێم. بە ئەسپای گوتی: دەزانم دڵشاد مەریوانی برات خەریکی چییە..؟ تەنیا ئەم ڕستەیەی گوت و بەپەلە ڕۆیشتە دەرێ. خۆم بە بەزیوزانی، مت بووم، وەک باڵندەیەکی بەرزەفر لە ئاسماندا بەدەستی ڕاوچی پێکرابێ، لە قورسی سەنگی خۆم و زەختی برینەکەم، بەبێ باڵە فرێ، تەپاوتل، کەوتم بەزەویدا. نەمتوانی!! نەدەست نەدەمی لێ بکەمەوە. لەبەر خۆمەوە گوتم: بەزیم، دۆڕام، بەزیم ....بەزیم....ورتەم لەدەم نەهاتە دەرێ، واخۆم نیشاندا: دەزانم دڵشاد مەریوانی برات خەریکی چییە!!. لەگەڵ منی نەبووە. نازانم چۆن خۆم وشک و پۆشتە کردەوە، بە خەفەت و دڵشکاوێووە، بەرەو ژوری قوتابخانە مللی ڕێگام گرت و گەڕامەوە. یەکسەر چوومە جێگاووە. هەر بیرم لێ دەکردەوە. "دەزانم دڵشاد مەریوانی برات خەریکی چییە..؟." باش بوو وەڵامم نەدایەوە، خۆ ئەگەر وەڵامم بدایەتەوە، دەبوو هەستامایە و لەو حەمامەدا سەری لە جورنەیەک بخستبایە تا دەخنکا. فرە توڕەببووم! ناحەقییە بەو شەوە هەتیووە خائینێ بەوشێوەیە پەستم بکات. نا نا ئەم ماستە مویەکی تێدایە و پێش کات ڕێکخراوە. باشە چۆن زانی برای دڵشاد مەریوانیم. خۆ من بەکەسم نەگوتووە و کەسم لێرە پێشتر نەناسیووە. لە خۆم ئەم پرسیارانەم دەکرد. گوێم لە دەنگی کەڵەشێر بوو، هێشتا خەو نەچوبووە چاوم، لەگەڵ ئەو هەتیوی خۆفرۆشە هەر خەریکی مەسەلەی دەوروتەسلیم بووم، نەدەترسام وەلێ کاس ببووم . بۆمان نەبوو کاتێ دەوام پێخەفەکانمان لە ژوری مامۆستایان بەجێبهێڵین، ژورێکی کەلوپەل هەبوو، دەبوو لەورا بمان شاردایەتەوە. چەند کاتژمێرێکی مابوو بۆ دەوام، هەوڵمدا بنووم. بەیانی چوار شەممەیە، بۆ پشووی هەینی تەنیا بەیانی و دوو بەیانی دەوامان ماوە. هیچ ڕوونادات، تا دووسبەی ئەوکات لەگەڵ هاوڕێیاندا بڕیارێک دەدەین. بەیانی لەدەنگی فەراشەکان خەبەرم بۆوە. ئەو بەیانییە تا نیوەڕۆ دەوام ئاسای ڕۆیی وردە وردە هێمن بوومەوە. نەمهێشت بەهیچ جۆرێک شڵەژاویم دەرخەم. ئاخر لە ناخی هەستمەوە، دەمزانی بوومەتە نێچیر. نانێکی تیریم کەمێک ئاو پرژێن کرد، بە قوتوویە ماسی سەردینەووە، بەدەم خەیاڵەوە خواردم. کتێبەکانی پۆلی سێی ناوەندیم دەرهێنا و دەرسەکانی سبەی ڕۆژی پێنچشەممەم ئامادەکرد، وانەی فیزیای پۆلی سێی ئەوسا لە زانستی مێژوو دەچوو تا زانستی فیزیا. بەڕێوەبەری قوتابخانە هاتە کنم. کەمێک دەربارەی قوتابخانە و تاقی کردنەوەی وەزاری پۆلی سێهەم و رادەی زانیاری و ئامادەباشی قوتابێکانمان بۆ تاقیکردنەوە و کۆتایی ساڵ باسکرد. بەڕێوەبەر پێیگوتم: خەریکی چیت، ڕۆژەکەی خۆشە بابچین، پیاسەیەک بکەین. گوتم: زۆر ماندووم شەو نەنووستووم خەوم زڕابوو. بەڕێوەبەر وەڵامی دامەوە: من تا بڵێیت دوێ شەو باش نوستووم، قەلبم زۆر ساخە. مامۆستا من وەک قەرەجم، هەرشەوی لەلانکێکدا ڕۆژ دەکەمەوە، بەڕێزتان ماڵ و حاڵتان لەم کاولەدا هەیە و ئاگاتان لە هەژاری وەک من لەکوێ دەبێت. هەستە بەڕێکەوە بابچینە پیاسە و دوو زەم و زەمکاری بکەین. بەڕێوەبەر گوتەکانی تەواو نەکردبوو، هەستابوومەسەرپێ، بەرەو دەرگای حەوشەی قوتابخانە ملماننا. باس وخۆسمان فرەهێنایە پێشەوە. چەند جار ویستم لێی بپرسم: کەی و چۆن، بۆچی سەرۆکی مونەزەمەی بەعس هاتۆتە قوتابخانە بۆ هەواڵ پرسینم..؟ وەلێ دانم بەخۆمدا گرت، تاشک نەکات من خولیای زانینی مەبەستی سەرۆکی مونەزەمەم بیزانم.

بەشی دووهەم و کۆتایی هێشتا نەنوسراوە.

بەڵام پاش دوو حەفتەی حەمامەکە، خۆم لە ژێر بوورجەکەی پاریسدا بینییەوە.

# دەست بە زمانی کوردییەوە بگرن، زمانەکەمان لێ مەشێوێنن...!

## زمانی کوردیی و شێواندن...!

لاهای 2016/03/04

سەرەتای ساڵی 2000 بوو؛ نامەیەکم بۆ کاک باسط حەمە غەریب، سەبارەت بە بەکارهێنانی هەندێک وشەی کوردیی نارد، کە لە کەناڵە ئاسمانییەکان بەکاری بهێنن. چونکە کۆمەڵێک زاراوەی عارەبی * و ناقۆلا لە 2 کەناڵەکەی دی بەکار دەهاتن، پێویست بوو بگۆڕدرایە.

خۆشبەختانە بەهەند وەریانگرت، بۆ نمونە ئەمانەم بۆ نووسیبوو:

لە بری بەکارهێنانی ئەمانە ئەمەیان باشترە،

ڕۆژباش ئەمکاتەتان باش،: بۆ ئەوەی بینەرانی ئەمریکا و ئوسترالیا بگرێتەوە.

شەوباش و شەوشاد کاتژمێر: 0.00 تا 12.00 بەیانیتان باش.

12.00 تا 18.00 نیوەڕۆ یا پاشنیوەڕۆتان باش.

18.00 تا 24.00 ئێوارەتان باش.

شەوتان شاد، یا شەوێکی شاد، بۆ پێش نووستن.

بەخواتان دەسپێرم، خواحافیز بکرێتە ماڵ ئاوا، هەر شادبن، لە خۆشیدابن، تا دیدار.

ئەم نموونانەم بۆ هێنایەوە، ئێستا جگە لە ڕومەڵخەزانی فەیسبووک و ژێرنووسی تیڤییەکان، بە داخەوە لە ڕۆژنامە و پێگە فەرمییە ئەلەکترۆنییەکاندا، هەڵەی زۆر زەق دەبینم، لەکاتێکدا ئەو هەموو دەزگا بەناو ڕۆشنبیری، ئەکادیمیا، کۆردۆلۆژی و زمانەوانی و هتد، لە کوردستان بوونیان هەیە، کەچی ڕۆژانە وشەی عارەبی و نادروست گشتگیر دەکرێن، بەپێی پلانی هەندێک گروپی دژە کورد، وشە و زاراوەی عارەبی و ئیسلامیی سەلەفی دەبەخشنەوە، بۆ داسەپاندنی و بە عەرەبکردنی زمان و کولتورەکەمان.

لە بوارێکی دیکەدا، هەمووی بە وێنە و بەڵگە بڵاودەکەمەوە.

سەرەتا با ئەم هەڵانە دیاری بکەم:

لە جیاتی پێشمەرگە، دەنووسن: پێژمەرگە !

لە باتی بەشداری ، ئەنووسن : بەژداری..!

لەجیاتی دەبێت، دەکرێت، دەنووسرێت: دەبێ، دەکرێ، دەنوسرێ.




لە جیاتی ئاسایش، دەگوترێت : ئاشایس.

لە جیاتی پەیمانگە، مەعهەد دەگوترێت: مەحەد.

ڕژێمی بەعس بە بەرنامە و پلان، ناوی شار و شارستانییە کوردییەکانی بە عارەبکرد، مەخابن ئێستاش پاش چارەکە سەدەیەک لە دەسەڵاتدارییەتی کورد خۆی، نەیانتوانیووە ناوەکان بگەڕیننەوە سەر بنەڕەتییە کوردییەکەی خۆی.

ئەوە دەمێکە لە سەر زمانی ئاخاڤتن(بازاڕی) و فەرمی یا دیوانی، گوتارم بڵاوکردۆتەوە، کەچی وەزیر و گوزیری وا دەبینم، لە شوێنە فەرمییەکاندا بەزاراوەی تەنانەت گەڕەک قسە دەکات.

بە داخەوە تا ئێستاش لە لای سەرە گەورەکانی دەسەڵاتی کوردیش بە هەڵەبجە دەگوترێت: حلبجە، حەلەبچە یا خود دەنووسن: هەلبجە. ئەگەر ناتوانن زمانتان پاکبکەنەوە، ئەوا زویر مەبن ئەگەر بە شەنگاڵ و ئاکرێ و ئامێدی بڵێین: سنجار و عقرە و عمادیە..... خێرە تەنیا هەلەبجە وا بەکاردەهێنن؟.

کراسێک لە کوردی ڕۆژئاوا دادرن، کە هەر لە یەکەم ڕۆژی ئازادکردنی گوندێکیشدا، ناوە عارەبییەکە دەگەڕێننەوە بۆ کوردی.

* بە ڕوخسەتی کاک دانا هەڵەبجەیی وشەی (ئارەبی)مان لەم کورتە گوتارەدا، کە چەند جارێک بە دوو ڕێنوسی جیاواز بەکار هاتبوو(عارەبی– ئارەبی)، ئێمە وەک یەکمان لێکرد و بوو بە(عارەبی).

# کتێبی پورترایت لە مێژوو و سیاسەتی کوردان بڵاوکرایەوە




کوردولوژیا یەکێکە لە بواری زانستی مێژوو، لێکوڵینەوە لە بواری مێژووی کورد و کوردستان دەکات، لەم ساڵانەی دواییدا چەندین توێژینەوە و لێکوڵینەوەی تایبەت بە کورد، لە سەر ئاستی جیهانی چاپ کراوە، دەزگای (ئیلەتیشیم) لە تورکیا، لە بواری ئەکادیمیدا، بە یەکێک لە گەورەترین دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە ئەژماردەکرێت، ئەرکی چاپکردنی چەندین لێکوڵینەوەی گرنگی خستۆتە ئەستۆی خۆی. لێکوڵینەوە دەربارەی کورد و کوردستان و نەبوونی سەرچاوەی بێلایەن، یەکێکە لەو ئاستەنگانەی، کە دێتەڕێی توێژەر لە ئامادەکردن یان توێژینەوەی مێژوویی، بە ئامانجی زیاد کردنی ئەم جورە سەرچاوانە لە کتێبخانەکانی جیهان و ناساندنی پرس و مێژووی کورد، بە شێوەیەکێ زانستی کومەڵێک لە ڕۆژنامەنوس، ماموستایانی زانکو و لێکوڵەرانی کوردولوژیا، کتێبێکیان بە ناونیشانی (پورترایت لە مێژوو و سیاسەتی کوردان) Kürt tarihi ve siyasetinden portreler، ئامادە کردووە و بە زمانی تورکی نوسیویانە، لە کۆتایی ساڵی ڕابردوو، لە لایەن دەزگای ئیلەتیشیم iletişim خراوەتەوە بەر دەستی خوێنەران. ئەم کتێبە یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکانی بواری (کوردۆلۆژی)، پێک دێت لە 447 لاپەرە و لە لایەن 28 کەسی ئەکادیمی و ڕۆژنامەنووس لە ئەوروپا و تورکیا و کوردستان، ژیان و چالاکیی کەسایەتیە کوردەکانیان ئامادەکردووە، ئەم کتێبە (یالچین چاکماک) ڕێکیخستووە، کە خوێندکاری دکتورا و لە هەمان کاتدا ماموستایە لە زانکوی هاجەتەپە و تونجای شور، ناوەڕۆکی کتێبەکە لە Ehess لە پاریس کۆکراوەتەوە. کە باس لە ژیاننامەی چەندین کەسایەتی کورد دەکات، لەوانە ئەحمەدی خانی، سەعید نەورسی، ئدریسی بەتلیسی، شێخ عوبەیدوڵڵا و ئەو کەسایەتییانەی لە مێژووی کوردستان دا ڕوڵی گرنگیان هەبووە، هەروەها باسی لەو بنەماڵانە کردووە، کە پێشەنگ بووین لە مێژووی کوردستاندا وەک بەدرخانیەکان، بارزانیەکان و جەمیل پاشازادەکان. ئەم کتێبە دور لە هەر ئایدولوژیا و ئاڕاستەیەک نوسراوە و بە شێوەیەکی ئەکادیمی خراوەتە بەردەست خوێنەران، بۆ ئەوەی کە ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگ لە بواری کوردۆلۆژیدا. جیاوازی لەگەڵ کتێبەکانی دیکەی کوردۆلۆژیدا ئەوەیە نەک تەنیا باس لە ژیاننامەی ئەو کەسانە دەکات، کە لە ناو کتێبەکەدا ناویان هاتووە بەڵکو تیشکدەخاتە سەر ئەو ڕووداوانەی کە بوونەتە هۆی گوڕانکاری بواری چالاکی کەسایەتییە مێژووییەکان. لە کتێبەکەدا تەنیا باس لە یەک ژن کراوە، ئەویش (گوڵتان کشاناک)ە، پلان هەیە لە بەردەوامی ئەم پەرتوکەکەدا باس لە ژنانی دیکەش بکرێت. قەبارەی ئەم کتێبە گەورەیە و تیشک دەخاتە سەر ئەو هەلومەرجانەی کە کەسایەتیە ناودارەکان ڕوڵیان تێدا هەبووە، بە کورتی ڕووداوە گرنگەکانی کە پەیوەندی بەو کەسانە هەبێت خراوەتە بەر دەستی خوێنەران بە ئامانجی سودوەرگرتن لەو زانیاریانەی تێیدا هاتوون. >>>

لە کاتی نوسینی ئەم لێکوڵینەوە زانستیە و چاپکردنی هیچ ڕێزبەندی ئەلف و بێ، یان کرونۆلوژیا جێبەجێ نەکراوە، ئەمەش یەکێکە لە کارە جیاوازەکانی ئامادەکارانی کتێبەکە و هەموو ئەو کەسانەی بابەتیان تێدا نوسیووە، نوسەرانی کتێبەکە پێشینە و شارەزاییان لە بواری بەشە جیاوازەکانی کوردۆلوژیا هەبووە و خاوەن ڕابردوویەکی زانستین.

لێدوانی: ڕۆژهات سەعید

---

## گرووپی سکێچ بۆ شانۆی ڕاگوزەری Sketch Kurdish Impro Theater

## ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی 2019-03-17 شانۆیی گەر بڕیارە بمرین

## لە شاری ئوترێخت نمایش دەکات

## کات: 15,00 uur




---

پاشماوەی ل 3 گوتاری دکتۆر جەبار قادر دەربارەی دکتۆر کەمال مەزهەر.

15.د. كمال مظهر أحمد، النهضة، سلسلة الموسوعة الصغيرة37. بغداد 1979
د. كمال مظهر أحمد، مكياڤيلي والمكياڤيلية، سلسلة الموسوعة الصغيرة ١٤٢، بغداد 1984. (ئەرکی ڕۆشنبیرانی کورد لە بەر ڕۆشنایی ئەزموونەکانی ڕینەسانس) زنجیرە وتارێک بوو دکتۆر کەمال مەزهەر خستبوویە بەردەم ڕۆشنبیرانی کورد لەو سەردەمەی دەسەڵاتی بەعسدا. ئەو گوتارانەی لە گۆڤاری (کاروان)دا بڵاو کردەوە. میکیاڤیللی ومیکیاڤیللیزموەکو پێشەکی بۆ چاپی کوردی (میر)ی میکیاڤیللی بڵاو کرایەوە. ڕینەسانسیش لەلایەن کاک فوئاد مەجید میسریەوە کرا بە کوردی وبڵاوکرایەوە .

16. الدكتور كمال مظهر أحمد، دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر، بغداد 1985.

17. لێرەدا ئاماژە بە هەندێ لەو بەرهەمانەی دەکەین:

الدكتور كمال مظهر أحمد، ثورة العشرين في الأستشراق السوڤيتي، بغداد 1977. الدكتور كمال مظهر أحمد، دور الشعب الكردي في ثورة العشرين العراقية، بغداد 1978 . دراسة سوفيتية عن ثورة العشرين، (التاخى ) 30 حزيران 1970. دور الأكراد في ثورة العشرين، (التاخى)، 1 تموز 1970 ، الكرد وثورة العشرين (مجلة المجمع العلمي الكردي)، المجلد السادس 1978 ، من تاريخ صحافة ثورة العشرين (دراسات في التاريخ والاثار)، 58 العدد الثاني 1982، شۆڕشی بیست :هۆکانی، ئەنجامەکانی، بایەخی (کاروان) ژمارە 10، 1983، شوێنی میللەتی کورد لە شۆڕشی بیستا (برایەتی) ژمارە 4 ساڵی 1 ، خولی دووەم ئەیلولی 1970.

18. لە کاتی بڵاوکردنەوەی (مێژوو )دا پێداچوونەوەیەکی دوور ودرێژم لە سەر کتێبەکە بە زمانی عەرەبی لە گۆڤاری (کاروان )دا بڵاوکردەوە ، بروانە: التأريخ ، تأليف الأستاذ الدكتور كمال مظهر أحمد، مراجعة الدكتور جبار قادر، مجلة (كاروان ) 23، اب 1984.

19. مذكرات فؤاد عارف، الجزء الأول، تقديم وتعليق الدكتور كمال مظهر أحمد، دهوك ١٩٩٩. مخابن بیرەوەرییەکانی ئەحمەد موختار بابانم ئێستا لە بەردەستدا نیە هەرچەندە لە کتێبخانەکەمدا هەبوو ، پێموایە لە ئوردون چاپ کرا ودکتۆر کەمال مەزهەر بۆ چاپ ڕێک وپێک وئامادەی کرد.

20. دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد ، مێژوو ، ل30.

21. د.کەمال مەزهەر، چەند لاپەرەیەک لە مێژووی گەلی کورد، ئامادەکردن عەبدوڵڵا زەنگەنە، بەرگی دووەم ، هەولێر 2001 لە 14 نیسانی 2002.

22 . د.كمال مظهر أحمد، كركوك وتوابعها، حكم التاريخ والضمير، دراسة وثائقية عن القضية الكردية في العراق، الجزء الأول، مطبعة رينوين، بلا. ت.

## هەرجارەی هونەرمەندێکی کورد



### ئومێد محەمەد عەبدوڵڵا– شاکار

ساڵی ١٩٥٧ لە ناحییەی میرزارۆستەم لەدایک بووە، سەرەتای خوێندن و ژیانی لەشارە دێی سەنگەسەر بووە،سەرەتا وەکو وەرزشکارێکی بەتوانا لە ناوهاوڕێکانیدا ناسراوە. لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لەگەڵ خێزانەکەی لە شاری هەولێر نیشتەجێ بوون و خوێندنی ئامادەیی بەسەرکەوتوویی بڕیووە. سەرەتای هە شتاکان دەبێتە پێشمەرگە لەتیپی پارێزگاری بەڕێز (مام جەلال) دەستەی (بەکر پیرۆت)، تا لە دەستتدانی توانای ڕۆیشتنی، بەهۆکاری کەمئەندامبوونی و لەدەستدانی قاچەکانی دەگەڕێتەوە شاری هەولێر و وەک هاوڵاتییەکی ئاسایی ژیان بەسەردەبات، دواتر ڕوو لە هەندەران دەکات و لە وڵاتی هۆڵەندا نیشتەجێ دەبێت. لە پاش خۆی چەندین کاری هونەری نایابی بەجێهێشتووە، لە بواری هونەری هێڵکاری، هونەری پەیکەرسازی، وێنەکێشان. شاکار زمان و وشە، جەستەی مرۆڤ، هێڵکاری مۆنومێنتی ئەنفال و پێشمەرگە، بووە بەناوەڕۆکی بە شێکی زۆری کارە هونەرییەکانی. خۆشەویستی ئە و بۆ هونەر دەگەڕێتەوە بۆ هاوڕێیەتی نزیکی هونەرمەندی کۆچکردوو ڕەهبەر جەلال کۆیی و هونەرمەند و میدیاکار شێرکۆ جەلال کۆیی، کە لە سەرەتای حەفتاکاندا، تاکو چوونی بۆ شاخ بەردەوامی هەبوو، ئە و لە تەنیایی و ژیانی تاراوگەدا، زیاتر هونەری کردەئامرازێک بۆ دەربڕین و دروستکردنی یادەوەرییەکی بینراو بۆ نەوەکانی داهاتوو. بەداخەوە ئومید کە خۆی حەزی دەکرد، بە شاکار بانگی بکەن لەبەرەبەیانی ڕۆژی ٩–٢–٢٠١٩ لە شاری دێنهاخ لە هۆڵەندا کۆچی دوایی کرد.














# تـــاراوگـــە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA



E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807